# هونەر و جەنگ: لە ستایشی هێزەوە بۆ هاواری بێدەنگی

حەمە هاشم

پێوەندی نێوان جەنگ و هونەری شێوەکاری، مێژوویەکی دێرینی هەیە کە لەگەڵ یەکەمین چرکەساتی ململانێی مرۆڤەکان بۆ دەسەڵات، دەستی پێ کردووە، بەڵام ئەم پێوەندییە لە گەشتە درێژەکەیدا گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتووە.

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژوودا، وەک لە شارستانیەتی ئاشووری و سۆمەری و میسرییەکاندا دەیبینین، هونەر ئەرکی «پیرۆزکردنی» جەنگی هەبووە، چونکە هونەرمەند لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکاندا کاری دەکرد و ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان و نیشاندانی شکۆی سپاکان لەسەر دیواربەندی پەرستگە و کۆشکەکاندا کە تێیدا جەنگ وەک پرۆسەیەکی ڕێکخراو و قارەمانانە وێنا دەکرا و دیمەنی ترسناک و ئازاری قوربانییەکان پەراوێز دەخرا بۆ ئەوەی تەنیا پەیامی هێز و ترس بگەیەنرێت.

ئەم تێڕوانینە کلاسیکییە بۆ جەنگ تا سەردەمی ڕێنیسانس بەردەوام بوو، بەڵام لەوێدا هونەرمەندە گەورەکان لەناو جەرگەی جەنگدا دەستیان بە گەڕان بەدوای ڕاستییە مرۆییەکاندا کرد، بۆ نموونە لیۆناردۆ داڤینچی لە تابلۆی «شەڕی ئەنگیاری»دا شێوازێکی نوێی داهێنا کە تێیدا چیتر جەنگ تەنیا ڕیزبوونی سەربازەکان نەبوو، بەڵکوو وێناکردنی ئەو شێتی و تووڕەیی و ترسە بوو کە لە دەموچاوی مرۆڤ، تەنانەت لە سیمای ئەسپەکانیشدا دەردەکەوت، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە لە کاتی توندوتیژیدا هونەر بەرەو قۆناغی ناسینی «ناخی مرۆڤ» هەنگاو دەنێت، بەڵام گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی کە تێڕوانینی جیهانی بۆ جەنگ لە ڕێگەی هونەرەوە گۆڕی، کارەکانی فرانسیسکۆ گۆیا بوو، بەتایبەتی تابلۆی «سێی ئایاری ١٨٠٨» کە تێیدا گۆیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هونەردا ڕووی ڕاستەقینە و قێزەونی جەنگی نیشان دا، ئەو کاتەی سەربازە دەموچاو شاراوەکانی فەڕەنسا نیشان دەدات کە خەڵکی بێتاوان و بێچەک گوللەباران دەکەن، لێرەدا چیتر هونەر خزمەتکاری پاشاکان نەبوو، بەڵکوو بوو بە پارێزەری مافی قوربانییەکان و هاوارێکی بەرز دژی ستەمکاری.



لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەم و ڕوودانی یەکەمین جەنگی جیهانی، هونەرمەندان تووشی شۆکێکی دەروونی گەورە بوون، چونکە تەکنۆلۆژیای نوێی کوشتن وەک چەکی کیمیایی و تانکەکان هەموو مانا کلاسیکییەکانی قارەمانێتییان لەناو برد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی نوێی وەک ئیکسپێریشنیزم و دادایزم کە تێیدا هونەرمەندان بە ڕەنگی توند و شێوەی شێوێندراو گوزارشتیان لە پارچەپارچەبوونی دەروونی مرۆڤ دەکرد.

لوتکەی ئەم دەربڕینە هونەرییە لە تابلۆی «گێرنیکا»ی پابلۆ پیکاسۆدا دەبینرێت کە کاردانەوەیەک بوو بۆ بۆردومانکردنی شارۆچکەیەکی بێتاوان لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا، پیکاسۆ لەم تابلۆیەدا بە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و سپی و تێکەڵکردنی شێوە ئەندازەییەکان، توانی ئازاری دایکێکی جەرگسووتاو و جەستەی پارچەپارچەبووی مرۆڤ و ئاژەڵەکان بکاتە هێمایەکی جیهانی بۆ هەموو ئەو جەنگانەی کە مرۆڤایەتی دەهاڕن، بەمەش تابلۆکە لە چوارچێوەی ڕووداوێکی کاتی دەرچوو و بوو بە مانیفێستێکی هەمیشەیی بۆ ئاشتی.

لەم سەردەمەی ئێستاشدا کە جەنگەکان شێوازی تری وەک جەنگی میدیایی و دیجیتاڵییان وەرگرتووە، هونەری شێوەکاری توانیویەتی سنووری مۆزەکان ببەزێنێت و بچێتە سەر دیواری شارە وێرانکراوەکان، وەک ئەوەی لە کارەکانی بانکسی و هونەرمەندانی تری سەر شەقامدا دەیبینین کە لە ناوچە گەرمەکانی ململانێدا بە بەکارهێنانی هێمای سادە، بەڵام کاریگەر، پارادۆکسی نێوان بێتاوانیی منداڵ و دڵڕەقیی چەک نیشان دەدەن.

کاریگەریی ئەم دەربڕینە هونەرییانە لەسەر جەنگ تەنیا لە جوانکاریدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو هونەر دەبێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کە ناهێڵێت ڕاستییەکان تەمومژاوی بن و هەمیشە وەک ئامرازێکی بێدەنگ، بەڵام بەهێز بۆ بەئاگاهێنانەوەی ویژدانی مرۆیی دەمێنێتەوە، چونکە کاتێک چەکەکان بێدەنگ دەبن، تەنیا هونەرە کە دەتوانێت چیرۆکی ئەو ئازارانە بگێڕێتەوە کە قوربانییەکان لە ناویدا ژیاون تا ڕێگری بکات لەوەی مێژووی خوێناوی دووبارە ببێتەوە.

## شێوازە هونەرییەکان لە بەرداشی جەنگدا: لە ڕیالیزمەوە تا سوریالیزم

پێوەندی نێوان جەنگ و شێوازە جیاوازەکانی هونەری شێوەکاری، نیشاندەری گۆڕانی تێڕوانینی مرۆڤە بۆ ئازار و وێرانکاری کە تێیدا ڕیالیزم وەک یەکەمین وێستگەی ڕاستگۆیی لە سەدەی نۆزدەمدا دەرکەوت بۆ ئەوەی کۆتایی بەو وێناکردنە خەیاڵییە بهێنێت کە جەنگی وەک مەیدانێکی پیرۆز نیشان دەدا، چونکە هونەرمەندە ڕیالیستەکان بە وردی و بەبێ دەستکاری پەنایان بۆ کێشانی دیمەنی سەربازە ماندووەکان و لاشە فڕێدراوەکانی ناو قوڕولیتەی مەیدانی جەنگ دەبرد، ئەمەش وای کرد بینەر بۆ یەکەم جار ڕووبەڕووی ڕاستییە تاڵەکان ببێتەوە و درک بەوە بکات کە جەنگ تەنیا میدالیا و ئاڵا نییە، بەڵکوو مەرگی

جەستەیی و لەدەستدانی شکۆی مرۆییبیە، کە ئەم ڕاستگۆییە بووە هەوێنی ئەوەی هونەر لە خزمەتی دەسەڵاتەوە بگۆڕێت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی.

لەگەڵ توندبوونی ململانێکان و سەرهەڵدانی یەکەمین جەنگی جیهانی، هونەری دەربڕینخوازی وەک هاوارێکی دەروونی هاتە کایەوە، چونکە ڕیالیزم چیتر نەیدەتوانی گوزارشت لەو شۆکە گەورەیە بکات کە لە ناخی مرۆڤدا دروست بووبوو، بۆیە هونەرمەندانی ئەم قوتابخانەیە پەنایان بۆ بەکارهێنانی ڕەنگی توند و هێڵی شکاو و شێواندنی دەموچاوەکان برد بۆ ئەوەی ئەو خەونە ناخۆشانە و ئەو دڵەڕاوکێیە بێکۆتاییبیە نیشان بدەن کە سەربازەکان و خەڵکی سڤیل لە کاتی جەنگدا پێیدا تێدەپەڕین، لێرەدا مەبەستی هونەرمەند نیشاندانی شێوەی دەرەوەی جەنگ نەبوو، بەڵکوو دەیویست «هەستی جەنگ» و ئەو وێرانکارییە دەروونییە بگوازێتەوە کە چەکەکان لە ناوەوەی مرۆڤدا جێیان دەهێشت، ئەمەش وای کرد هونەر ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە بۆ برینە قووڵەکانی ڕۆحی مرۆڤایەتی.

هەرچی قوتابخانەی سوریالیزمە، ئەوە لە ناو جەرگەی بێئومێدییەکانی دوای جەنگ سەری هەڵدا، وەک هەوڵێک بۆ هەڵاتن لەو واقیعە تاڵەی کە لۆژیک و عەقڵ تێیدا شکستی هێنابوو، هونەرمەندە سوریالیستەکان جەنگیان وەک مۆتەکەیەکی نالۆژیکی دەبینی کە تێیدا هەموو مانا مرۆییبیەکان سەراوژێر بووبوون، بۆیە لە کارە هونەرییەکانیاندا تەنیا دیمەنی جەنگیان نەدەکێشا، بەڵکوو مانا سەمبۆلییەکانی وەک کاتژمێرە تواوەکان، یان جەستە پارچەپارچەبووەکانیان لە ناو کەشێکی خەونئامێزدا نیشان دەدا، بۆ ئەوەی بڵێن جەنگ هەموو پێوەندییەکی مرۆڤی لەگەڵ واقیع و ژیان پچڕاندووە، ئەم شێوازە هونەرییە



توانی ئاستێکی تر لە تێگەیشتن بۆ جەنگ بخاتە ڕوو کە تێیدا سنووری نێوان خەیاڵ و واقیع و ژیان و مەرگ تێکەڵ دەبن و بینەر دەخاتە ناو قووڵاییبیەکی فەلسەفییەوە دەربارەی بێمانایی ململانێ چەکدارییەکان.

لە کۆتاییدا هونەری مۆدێرن بە هەموو لقەکانییەوە توانی ئەم ئەزموونە مێژووییانە کۆبکاتەوە و جەنگ بکاتە بابەتێکی هەمیشەیی کە تێیدا سادەیی و سەمبۆلیزم و ئەبستراکت ئاوێتە دەبن، بە جۆرێک کە لە هونەری مۆدێرندا، ڕەنگە تەنیا هێڵێک، یان پەڵەیەکی سوور لەسەر کانڤاسێکی سپی بتوانێت هەموو چیرۆکی جەنگ و ڕشتنی خوێن بگێڕێتەوە، ئەمەش گەورەترین کاریگەریی دەربڕینی هونەرییە کە دەتوانێت بە کەمترین کەرستە، گەورەترین مانا بگەیەنێت، چونکە هونەری مۆدێرن چیتر تەنیا وەسفی ڕووداوەکان ناکات، بەڵکوو دەبێتە پرسیارێکی گەورە لەبەردەم ویژدانی مرۆڤدا کە ئایا تا کەی جەنگ دەبێتە تەوەری سەرەکیی مێژوومان، بەمەش هونەر دەبێتە تەنیا هێزێک کە دەتوانێت لە ناو وێرانکارییەکانی جەنگدا جوانی و مانا و

هیوا بۆ مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە.

ڕۆڵی هونەرمەند لە کاتی جەنگدا تەنیا کێشانی تابلۆیەک نییە، بەڵکوو گۆڕینی کانڤاسە بۆ مەیدانی بەرگریی مەعنەوی و پاراستنی شکۆی مرۆڤایەتی لە ناوەندی وێرانکارییەکاندا. هونەرمەند لەم کاتەدا دەبێتە «شایەتحاڵێکی ویژدانی» کە ئەرکی سەرەکی بریتییە لە ڕێگریکردن لە ونبوونی ڕاستییەکان، چونکە لە کاتی جەنگدا دەسەڵاتەکان هەوڵ دەدەن مێژوو بە خواستی خۆیان بنووسنەوە، بەڵام هونەرمەند بە ڕەنگ و هێڵەکانی، وێنەیەکی ڕاستەقینە و بێدەستکاری لە ئازارەکانی مرۆڤ تۆمار دەکات کە هیچ دەقێکی سیاسی ناتوانێت بیشێوێنێت. ئەم ڕۆڵە لەوەدا دەردەکەوێت کە هونەرمەند دەبێتە دەنگی ئەو کەسانەی کە دەنگیان کپ کراوە، وەک منداڵان و ئاوارەکان و قوربانییە بێناوەکان، بەو وێنانەی دەیکێشێت، جەنگ لە ژمارەیەکی وشک و بێگیانەوە دەگۆڕێت بۆ چیرۆکێکی مرۆیی کە هەموو جیهان دەتوانێت هەستی پێ بکات.

بێجگە لە لایەنە بەڵگەنامەییەکە، هونەرمەند ڕۆڵی«چارەسەرکەری دەروونی» بۆ کۆمەڵگەکەی دەگێڕێت، بە جۆرێک کە لە ناو جەرگەی ڕەشی و تاریکیدا، پەنا بۆ جوانی و ڕەنگ دەبات نەک بۆ جوانکردنی جەنگ، بەڵکوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مرۆڤایەتی هێشتا توانایی داهێنانی ماوە و جەنگ ناتوانێت ڕۆحی زیندووی مرۆڤ بکوژێت. ئەم هەوڵە هونەرییانە دەبنە جۆرێک لە بەرگریی کولتووری کە تێیدا هونەرمەند ناسنامە و مێژوو و کەلەپووری نەتەوەکەی دەپارێزێت لە کاتێکدا کە هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێت، بۆیە دەبینین زۆرجار هونەرمەندان لە کاتی جەنگدا ڕوو لە کێشانی دیمەنی سروشت و ژیانی سادە دەکەنەوە وەک جۆرێک لە یاخیبوون دژی ئەو وێرانکارییەی کە



لە دەورووبەریان دەگوزەرێت، ئەمەش پەیامێکی بەهێزە کە ژیان هەمیشە لە مەرگ بەهێزترە.

لە لایەکی ترەوە، هونەرمەند وەک «چالاکوانێکی سیاسی بێدەنگ» کار دەکات کە دەتوانێت بە تابلۆیەک، یان کارێکی هونەری، شەپۆلێکی ناڕەزایەتی جیهانی دروست بکات و گوشاری گەورە بخاتە سەر بڕیارە سیاسییەکان. هونەر لێرەدا دەبێتە زمانێکی گەردوونی کە پێویستی بە وەرگێڕان نییە و دەتوانێت سنوورەکان ببەزێنێت و ویژدانی مرۆڤەکان لە ئەوپەڕی جیهان بهەژێنێت، ئەمەش وای کردووە کە لە مێژوودا هەمیشە هونەرمەندان لە لایەن دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە، چونکە ڕەنگەکانی ئەوان لە دەرخستنی ڕاستییەکاندا لە گوللە کاریگەرتر بوون.

ڕۆڵی هونەرمەند ئەوەیە کە دوای بێدەنگبوونی تۆپەکان، ئەو برینە دەروونییانە ساڕێژ بکات کە جەنگ جێی هێشتوون و لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە پردێک لە نێوان ڕابوردوو و داهاتوو دروست بکات تا نەوەکانی داهاتوو لە ڕێگەی ئەو کارە هونەرییانەوە بزانن کە ئاشتی چەندە بەنرخە و جەنگ چەندە بێمانایە.

نموونەی ئەو تابلۆ بەناوبانگەی پەیوەندیان بە جەنگەوە هەیە:

**١- تابلۆی «گێرنیکا» (Guernica)- پابلۆ**

**پیکاسۆ (١٩٣٧):**

ئەم تابلۆیە گەورەترین و بەناوبانگترین کاری هونەریی دژە جەنگە، لێرەدا پیکاسۆ ڕەنگی بەکارنەهێناوە و تەنیا سپی، ڕەش و خۆڵەمێشی بەکارهێناوە تا کەشێکی خەمناک و وەک ڕۆژانی ئەو سەردەمە نیشان بدات. لەلای چەپی تابلۆکەدا، دایکێک دەبینرێت کە منداڵە مردووەکەی لە باوەش گرتووە و بەرەو ئاسمان هاوار دەکات، کە ئەمە هێمایە بۆ ئازاری بێکۆتایی خەڵکی سڤیل. ئەسپێکی بریندار لە ناوەڕاستدایە کە دەم و زمانی بە شێوەی خەنجەر کێشراوە، ئەمەش گوزارشتە لە هاواری قوربانییەکان. پیکاسۆ بە شێوازێکی کۆبیزمی جەستەکان و شوێنەکەی تێکەڵ کردووە تا نیشانی بدات جەنگ چۆن هەموو سیستم و لۆژیکێکی ژیان تێک دەدات.

**٢- تابلۆی «سێی ئایاری ١٨٠٨- فرانسیسکۆ گۆیا» (١٨١٤):**

ئەم تابلۆیە وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی دەبینرێت. لە لایەکی تابلۆکەدا ڕیزێک سەربازی فەڕەنسی دەبینرێت کە دەموچاویان شاردووەتەوە و دیار نییە و وەک ئامێرێکی کوشتنی بێگیان ڕەفتار دەکەن، لە بەرانبەریاندا پیاوێکی ئیسپانی بە کراسێکی سپی درەوشاوەوە دەستەکانی بەرز کردووەتەوە (وەک هێمای مەسیح لە کاتی لەخاچداندا). لێرەدا گۆیا ڕووناکی تەنیا خستووەتە سەر قوربانییەکە تا بیسەلمێنێت پاڵەوانی ڕاستەقینە ئەو مرۆڤە بێناوانەن کە دەبنە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکان. خوێنە سوورە گەشەکەی سەر زەوییەکە و تەرمی کەسانی پێشوو، ڕاستی و قێزەونیی جەنگ لە چاوتروکانێکدا نیشان دەدەن.

**٣- تابلۆی «جەنگ» - ئۆتۆ دیکس (١٩٢٩ -١٩٣٢):**

دیکس کە خۆی لە ناو سەنگەرەکانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بووە، بیرۆکەیەکی گەورەی کێشاوە. لە بەشی ناوەڕاستدا، دیمەنێکی وێرانکەری پڕ لە تەرم و ئێسکی مرۆڤ دەبینرێت کە لە ناو قوڕولیتەی سەنگەرەکاندا چەقیون. دیکس بە وردەکارییەکی زۆر ترسناک و ڕاستگۆیانەوە برینی جەستەکان دەردەخات. ئەم تابلۆیە وەڵامێکی توند بوو بۆ ئەو بانگەشە نازییانەی کە دەیانویست جەنگ وەک شتێکی پیرۆز و پاک نیشان بدەن؛ دیکس پێمان دەڵێت جەنگ تەنیا بۆن و ڕەنگی مەرگ و ڕزیبوونی لێ دێت.

**٤- «دایکە شیوەنگێڕەکان»- کاتێ کۆڵڤیتز:**

کۆڵڤیتز کە کوڕەکەی لە جەنگدا لەدەست دا، بەرهەمێکی دروست کردووە کە تێیدا دوو دایک یەکتریان لە باوەش کردووە و سەریان نزم کردووەتەوە. ئەم کارە هونەرییە لەسەر چەک، یان سەرباز هیچی تێدا نییە، بەڵکوو تەنیا «خەم» نیشان دەدات. هێزی ئەم کارە لەوەدایە کە دەیسەلمێنێت گەورەترین کاریگەریی جەنگ لە دوای تەقەکان دەست پێ دەکات، ئەویش ئەو بۆشایی و تەنیاییە قووڵەیە کە لە ناو ماڵەکاندا جێ دەمێنێت.

**سەرچاوە:**

(١) الفن والحرب، پاول ڤیریلیۆ (وەرگێڕانی: أدونيس عكرة)، چاپ ٢٠٠٣، المنظمة العربية للترجمة، (بيروت)

(٢) سيميائيات الصورة: الفن والسياسة والحرب، شاكر لعيبي، چاپ ٢٠١٦ خطوط وظلال للنشر والتوزيع (عمان).

(٣) الفن والسياسة: من لوحات الكهوف إلى غويرنيكا، شاكر لعيبي، چاپ ٢٠٠١، دار المدى، (دمشق/بيروت).